# ئازادی ڕادەربڕین یان خراپ بەکارهێنانی ئازادی؟

**سەرنجێك لەسەر بڵاوكردنەوەی وێنە كاریكاتێریەكانی وڵاتانی ڕۆژئاوا**

**مەریوان عارف/ یاساناس**

**سەربەستی ڕەها بوونی نییە ,گەر بوونی هەبوو مانای كاولكاری دەگە یەنێت . ڤۆلتیر**

**سەرەتا ی كێشەكە :**

به نزیکەی سێ مانگ پێش ئێستا ڕۆژنامەی (یولاندز بوستن ) ی دانماركی پێشبڕكێیەكی سازدا بۆ ئەو كەسەی بتوانێ جوانترین كاریكاتێریان بۆ بكات لەسەر پێغەمبەری ئیسلام ئەوەبوو خوێنەرانی ڕۆژنامەكە زیاد لە سەد وێنەیان بۆ ڕۆژنامەكە نارد و نزیكەی دووانزە وێنەیان لێ بڵاو كرایەوە , ئەو وێنانە تیایاندابوو پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم ) دروست كرابوو عەمامەكەی سەری پڕبوو لە بۆمب و ساروخ وێنەشی تێدابوو كە پێغەمبەر لە حاڵە تێكی زۆر نەگونجاودا نوێژی دەكرد ئەم وێنانەو دە وێنەكەی هاوڕێی بەئاشكرا و بەئاگاداری و بگرە بە ڕەزامەندی و پشتیوانی حكومەتە وە لەماوەی چوار هەفتەدا بڵاوكرانەوە ئەوەبو جالیەی ئیسلامی لەو وڵاتە هەوڵی دا بەرگری بكات لە ئیسلام و پیرۆزیە ئیسلامیەكان , بەوەی كەبڵاوكردنەوەی ئەووێنانە ڕابگیرێت بەڵام بەڕێوەبەری نوسینی ڕۆژنامەكە ڕازی نەبوو تەنانەت چاویشی پێیان بكەوێت و هەموو دەزگاحكومیەكانیش پشتیوانی خۆیان بۆ ڕۆژنامەكە دەربڕی و سەجەم هەوڵەكانی جالیەی ئیسلامیان پشتگوێ خست .دوای ئەوە جالیە هەستان بەناردنی نوێنەر بۆ جیهانی ئیسلامی بۆئەوەی پشتیوانیان لێ بكەن لەڕێگەی نەكڕینی شتومەكی دانماركیەوە لەوڵاتەكانیاندا , دوای گەشتنی كێشەكەش بە وڵاتانی ئیسلامی ئەوە ڕوودەدات كەئێستا دەیبینین و خۆپیشاندان زۆربەی زۆری وڵاتانی ئیسلامیی گرتۆتەوە و ڕۆژنامەكانی فەڕەنسا و سویسرا و ئیسپانیاش بۆ سوككردنی باری قورسی شانی دانمارك سەرلەنوێ هەستانەوە بە بڵاوكردنەوەی وێنەكان, هەموو ئەمانەش بە هۆی ئەو كیبریایەوە بوو كەحكومەتی دانمارك و بەڕێوەبەری نوسینی ڕۆژنامەكەش دەینوێنن وپۆزش ناهێننەوە بۆ هەڵەكەیان , تەنها پاساوێكیش بۆ نەهێنانەوەی پۆزش بریتیە لە ئازادی ڕادەربڕین .هەڵەیەك كە لەم مەیدانەدا بەدی بكرێت ئەوەیە كە وابزانین ئازادی ڕادەربڕین دەبێت ڕەهابێت و هیچ كۆت و بەندێكی لەبەردەمدا نەبێت,نابەجێی بۆچونەكەش لەوەدایە هیچ كۆمەڵگەیەكی ساغوتەندروست نابینێت ئازادی ڕەهابدات بەخەڵكەكەی بێ ئەوەی پابەندیان بكات بە كۆمەڵێك یاساوە سنور بۆئازادیەكەیان دابنێت . ناكرێت تۆبە سوكایەتی كردن و برینداركردنی هەست و كەرامەتی لانی كەم ملیارێك كەس بڵێیت ئازادی ڕادەربڕین ئێستا لە دنیادا بە ملیۆنەها موسوڵمان ئازار ئەچێژن و دەگرین, وەكو كوفی ئەنان لە لێدوانێكیدا وتی : ئازادی ڕادەربڕین نابێت بكریت بەپاساوێك بۆسوكایەتی كردن بە ئایینەكان وكۆشكی سپیش ڕووداوەكەی ناوبرد بە هەوڵدان بۆ دروستكردنی ڕق و كینەی دینی و قبوڵ نەكراو,جاك سترۆش ڕایگەیاند هیچ پاساوێك نیە بۆ سوكایەتی كردن بە هەست وسۆزی ئایینی. دەمانەوێ دوای باسكردنی ئەم نمونانەی لەخوارەوە دەیانخەینە روو شتێك بڵێین :

١- دادگایكردنی بیریاری موسوڵمانی فەڕەنسی ڕوجیەگارودی لەفەڕەنسا لەسەر نوسینی پەڕاوی (الاساگیر المؤسسه للسیاسه الاسرائیلیه ) وحوكمدانی بەبیست هەزار دۆلار غەرامە بەپێی یاسای ڤابیوس –جیسو.

٢- ساڵی١٩٩١ جنتردیكیرت سەرۆكی پارتی نیشتیمانی دیموكراتی ئەڵمانی كۆڕێكی گرت و وانە بێژێكی ئەمریكی بانگهێشت كرد, جنتر لەكۆڕەكەیدا ئەوەی ڕاگەیاند كە مەحاڵە كوشتنی جولەكەكان بەهۆی غازەوە ڕوبدابێت ,دیكیرت لەسەر ئەو قسەیە درابە دادگاو سزادرا,پاشان لەساڵی ١٩٩٤ دا جارێكی تر لە سەر هەمان بۆچون دادگایی كرایەوەو بەیەك ساڵ زیندانی جێبە جێ نەكراو حوكم درا .

٣- ساڵی ١٩٩٥ گۆڤاری(ماركۆ پۆلۆ) ی یابانی وتارێكی بڵاوكردەوەو تیایدا بانگەشەی خستنەڕووی ڕاستیەكی مێژویی نوێی كردبوو لەوتارەكەدا ئەوە ڕوونكرابوویەوە كەئەو ژووری غازانەی كە دەوترێت لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بۆ جوەكان دانراون هیچ بناغەیەكی مێژوویی بڕوا پێكراوی نیە,بڵاوكردنەوەی ئەو بابەتە بویە هۆی ئەوەی كە شەریكەی( ڤۆلكس واگن ) و (میتسیو بۆشی ) وەك ناڕەزایی دەربڕینێك دژی ئەو وتارە گرێبەستی بانگەشە كردن بۆشەریكەكانیان لەو گۆڤارەدا ڕابگرن,كە ئەوەش بوویە هۆی ئەوەی خاوەنی گۆڤارەكە یەك بەیەكی گۆڤارەكەی لەبازاڕدا چنیەوەو هەموو ستافی گۆڤارەكەشی دەركرد ,نەك هەر ئەوە بەڵكو بەیەكجاری گۆڤارەكەی داخست .

٤- موقاتەعەی(دی تور ) ی سویسری دەستاودەست پێكردنی پەڕاوی (الاساگیر المؤسسه للسیاسه الاسرائیلیه )ی

قەدەغەکرد و دادگایش فەرمانیدا بەچوار مانگ زیندانیکردنی بڵاوکەرەوەی ئەو پەڕاوە .

٥– لە ئەمریکا ڕێگەنەدرا بە نمایشکردنی کۆمەڵێك فیلمی بەڵگەنامەیی کە لەلایەن (روبرت فیسك ) ڕۆژنامەوانی بەناوبانگی بەریتانیەوە ئامادەکرابوو, چونکە بووە مایەی وروژاندنی ڕق وتوڕەیی سەرانی جولەکەی ئەو وڵاتە زوو ئەو تەلەفزیۆنەیان ئاگادارکردەوە کە ئەگەربڵاوی بکاتەوە ئەوا (بانگەشەکردن بۆشتەکانیان ) لەوکەناڵە دەکشێننەوە.هۆکاری پشت ئەو توڕەییەی جولەکەکان ئەوەبوو ئەو کۆمەڵە فیلمەی کەلەلایەن ئەو ڕۆژنامەوانەوە ئامادەکرابوو بەناونیشانی (جڑور غچب المسلمین) بوو تیایدا ئیسرایلی بەوە تۆمەتبارکردبوو کە هۆکاری سەرەکین لەپشت ئەوئەو ڕق و توڕەییەی موسولمانانەوە دژی ڕۆژئاوا .دەبێ ئەوەیش بزانین کە روبرت فیسك خەڵاتی ڕۆژنامەوانی بەریتانی بۆ ساڵی١٩٩٥بەدەست هێنا وەك باشترین ڕۆژنامەوانی بەریتانی بەتوانا لەخستنەڕوو لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەواڵە ڕامیاریە نێودەوڵەتیەکان .

٦– ماری شمیلی ڕۆژهەڵاتناسی گەورە ڕەخنەی لە پەڕاوی (ایات شیگانیە ) ی سەلمان ڕوشدی گرت بەهۆی ئەوەوە کە هێرشی کردۆتە سەر پیرۆزیە ئیسلامیەکان و سوکایەتی بەقورئان کردووە وگاڵتەی بەخوودی پێغەمبەری ئیسلام کردووە ,جا کاتێ ئەو ئافرەتە هەڵبژێردرا بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نووسەرانی ئەڵمانی ساڵی ١٩٩٥ وەك ڕێزلێنانێك بۆ پەنجا ساڵ خزمەتکردنی لە بواری نوسیندا ڕۆژنامەکانی ئەلمانیا بەتوندی هێرشیان دەکردە سەری وناڕەزاییان دەردەبڕی دژی پاڵاوتنی بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە,هۆکاری یەکەمی ئەو هەڵوێستەشیان دەگەڕایەوە بۆئەوەی کە غیرەتی کردووە و ڕەخنەی لە سەلمان ڕووشدی گرتووە .پەنجاساڵ نوسین و لێکۆلینەوە نەیکردە یەك لێدووان دژی سەلمان ڕوشدی .

٧– ساڵی ١٩٨٨ دوای بڵاوبوونەوەی پەڕاوی (ایات شیگانیە) موسوڵمانانی بەریتانیا هەوڵیاندا پەنا ببەنە بەر یاسای (قەدەغە بوونی سوکایەتی کردن بە پیرۆزیەکان )دژی سەلمان ڕوشدی بەڵام نەیانتوانی,چونکە ئەو یاسایە تەنها ئەوکەسانە سزادەدات کە سوکایەتی بە پیرۆزیە مەسیحیەکان دەکەن , کەواتە سەلمان ڕوشدی هیچ یاسایەکی بەریتانی پێشێل نەکردووە کاتێ سوکایەتی بە پیرۆزیە ئیسلامیەکان کردووە .ئەوەی جێگەی گاڵتەجاڕیە ئەوەبوو ئەو بەریتانیایەی کە ڕێگەیدا بە بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە لەژێر ناوی ئازادی ڕادەربڕین دا , هەر ئەو بەریتانیایەش ڕێگەی گرت لەوەی فیلمێکی پاکستانی بچێتە ناو وڵاتەکەیەوە چونکە گاڵتەی بە سەلمان ڕوشدی و کتێبەکەشی دەکرد .

٨– یاسای وڵاتی دانمارك بەهەموو جۆرێك قەدەغەی ئەوەی کردووە کە هیچ مرۆڤێك نابێت لەبەر دینەکەی یا ڕەگەزەکەی یا لەبەر ئەوەی کەمایەتیە سوکایەتی پێ بکرێت و هەڕەشەی لێ بکرێت.

هەموو ئەونمونانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە لە ڕۆژئاوادا ئازادی ڕادەربڕین ڕەها نیە بەو مانایەی هەرچیەك بتەوێت بینوسێت یا بڵاوی بکەیتەوە وەك لەزاری بەرپرسە فەڕەنسی و دانمارکیەکانەوە بیستمان , کەگوایە لەوڵاتەکانی ئەواندا ئەوئازادیە بێ سنورە هەیە, لەو ولاتانەدا جاری واهەیە مرۆڤ بەهۆی دەربڕینی بۆچونێکەوە لەوانەیە بۆچەند ساڵێك زیندانی بکرێت .هی وا هەیە لەکارەکەی دەردەکرێت بەهۆی تەسریحێکەوە کەداویەتی ,لە ئەڵمانیادا نامەی دکتۆرا وەرنەگیراوە بەهۆی ئەوەوە کە گومانێکی درووست کردووە لەسەر ژمارەی کوژراوانی روداوی هۆلۆکۆست .بەرپرسی ڕۆژنامەیەك دادگایی دەکرێت بەهۆی وتارێکەوە کە لەڕۆژنامەکەیدا بڵاوکراوەتەوە .

کەواتە ئێمە مافی خۆمانە پرسیار دروست بکەین لەسەر حاڵەتێکی نیفاقی کە لەهەڵوێستی ڕۆژئاوادا هەیە,هۆی چیە بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ ڕەخنەگرتن یا گومان دروستکردن لەسەر ڕووداوی هۆلۆکۆست و سوکایەتی کردن بەمەسیحدا دەکات و یاسای تایبەتی بۆ پاراستنی دادەنێت و ڕێگەی هیچ کەس ودەزگایەك نادات نزیکی ئەوسنورانە بکەوێتەوە کە دەبێتە هۆی برینداركردنی هەستی یەهودو مەسیحیەت .بەڵام ئەی بۆچی ئەو یاسایە بەفریای موسوڵمانان ناکەوێت کاتێ سکاڵای حاڵی خۆیان دەبەنە لای و داوادەکەن پیرۆزیە ئیسلامیەکانیان پارێزگاری لێبکرێت؟ بەلام ئەوان لەوەڵامدا پێیان دەڵێن : ئەوە دەچێتە چوارچێوەی ئازادی ڕادەربڕینەوە,پرسیارەکەمان ئەوەیە:ئەگەر ڕاستە ئازادی ڕەهای ڕادەربڕین هەبێت, بۆچی سزا و غەرامەی ئەوهەموو گەورە نووسەر و ڕۆژنامە نووسە دەکرێت لەسەر ئەوەی شتێکیان وتوە بڕوایان پێی هەیە,وە ئەگەرئازادی ڕادەربڕین سنوردارەو ڕێگەی پێشێل کردنی پیرۆزیەکان نادرێت لەژێرناوی ئازادیدا,ئەی بۆچی پیرۆزیە ئیسلامیەکانیش وەك پیرۆزیە مەسیحیەکان و تەنانەت کارەساتە یەهودیەکانیش پارێزگاری لێ ناکرێت ؟ ئایائەوە پەیڕەو کردنی سیاسەتی بانێك و دووهەوایە یاخود مەرامێکی دووژمنکارانەی لەپشتەوەیە وە یاخود بەوکارە و هاوشێوەکانیان دەویسترێت سەرەتایەك پێك بهێنرێت بۆ کاڵکردنەوەی ئەو هەیبەتەی کە ئەو نازدارە لەدڵی ئێمەدا هەیەتی ؟

ئەوەچیە وادەکات یاسای پاراستنی پیرۆزیە ئاینیەکان لەکاتی سوکایەتی کردن بە زاتێکدا کەلانی کەم ملیارێك کەس

لەسەر ئەم هەسارەیە لەخۆیان خۆشتریان دەوێت لە کارپێ کردن بوەستێنرێت؟
هەرکام لەو ئەگەرانەی سەرەوەبێت بۆ ئێمەگرنگنیە بەقەد ئەوەی کە لەناوماڵی خۆماندا (وڵاتانی ئیسلامی ) هەڵوێستێکی واجوان و گەورەمان بینی و هەرهیچ نەبێت لانی کەم زیندوێتی ئیرادەی ئەم ئومەتەی بەدنیا ڕاگەیاند . ئەوەی زیاتر ئێمەی دڵخۆش کرد ئەو خۆپیشاندانە بوو کەلە ٢/٦ دا و لەشاری سلێمانی بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری خەڵکی شارەکە کراو زیندوێتی ڕۆحی ئایینی تاکی کوردی و خۆشەویستی ئەو پێغەمبەرە ئازیزەی لەدڵی ئێمەدا سەلماند, بونی ئەو ژمارە زۆرو بەرچاوەیش لەگەنج بۆخۆی جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە و جگە لەشکستی هەموو ئەو هەوڵانەی کە لەماوەی ساڵانی ڕابردودا و بە ئیستایشیانەوە کە دراون و دەدرێن بۆ ناشرینکردنی وێنەی ئەو مرۆڤە و ئاینەکەی هیچی دیکەی لێ ناخوێنرێتەوە .
لەکۆتاییدا ئەوەی ماوەتەوە سەبارەت بەم بابەتە بیلێین قسەکردنە لەسەر ئەو ڕووداوە توند و تیژانەی کە لەوڵاتانی ئیسلامیداوەك کاردانەوەیەك دژ بەو سوکایەتیە ڕویاندا وئەو کارەساتانەی دیکەش کە لەوانیە ڕووبدەن .لەڕاستیدا من لەگەڵ بروای تەواوم بە نەگونجاوی ئەو ڕوداوانە و نەگونجانیان لەگەڵ ڕوحە بەخشندەییەکەی ئایینی ئیسلامدا کە ئەو سەردارە بۆ مرۆڤایەتی هێناوە هەموو بەرپرسیارێتیەکی ئەوحاڵەتانەو هاوشێوەکانیشی کە وەك وتمان لەوانەیە ڕوبدەن لە ئەستۆی وڵاتی دانیمارکدا دەیبینمەوە بەهۆی کیبریا و ڕازی نەبوونی بە وتنی شتێك کە دەبووایە بیوتایە .

ڕۆژنامەی داهێنان ژمارە ١٤٠
سەرچاوە: سایتی www.dahenan.org